کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-5-2007 0:57بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

hgrawy@yahoo. com
باشووری کوردستان _ هەولێر

## کوردستان و ژاپۆن و گەندەڵی ... هەرمان خالد

گەندەڵی چونکە بۆتە بەشێك لە ژیانی ئێمەی کورد، وە ئەنجامە نێگەتیڤەکانیمان بۆ ڕوون بووەتەوە، بۆیە بەردەوام هەمووومان بە (حکومەت و هاووڵاتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش) جەختی لەسەر دەکەینەوە و بۆتە ویردی زمانمان.
هەمووومان هۆکارەکانی گەندەڵی لە کوردسان دەزانین، دەشزانین چۆن چارەسەر دەکری؟ ئەی بۆ نایکەین؟ ئەوە پرسیارێکە ڕووبەڕوی هەمووومان دەبێتەوە، وا بزانم ئێمە زۆربەمان بەرووەی گەندەڵی دەخۆین و نانمان لە سەریەتی، بۆیە بە دوای چارەسەرکردنیدا ناگەڕێین!!!

ڕۆژانە لێرە و لەوی گوی بیستی گەندەڵی فلان وەزیر و گزیر و فەرمانبەر و... هتد. دەبین، دەسەڵاتیش خۆی ئاگادارە و دانی پێدا دەنی، بەڵام تا ئێستا نەمان بیست و نەمان بینی تەنها یەك کەسی گەندەڵ، نەك لە دادگا سزا بدری، بەڵکو لە سەر کار لابدری!!! ئەمەش گەندەڵی حکومەت و خەڵکی ئێرە دەردەخا!
لەم ڕۆژانە بە هۆی ڕاگەیاندنەکان بیستمان وەزیری کشتوکاڵی ژاپون خۆی کوشت! بۆ؟ چونکە بە گەندەڵی تاوانبار کرابوو! لێرەوە هەزار ڕەحمەت بۆ دایك و باوکی ئەو وەزیرە دەنێرم، چونکە پیاوێکی بە هەڵوێست بوو، پاشان ئەو زۆر دەترسا لەو سزایەی بۆ گەندەڵی دانراوە.
هەروەها بە بیر ئەو ژاپونیە ئێسك سووکەی دەهێنمەوە، کە ئێستا لە ژیانێکی ترە، ئەگەر ئێوە بە خۆتان حوکمی وولاتەکەتان نەکردبایە حوکمێکی دیموکراتی و دادگەر، ئەوەندەش ئەو قسە زل و بی مانایانەتان وەك (دیموکراسی و یەکسانی و مافی مرۆڤ) نەکردبا و جی بە جێتان نەکردبا، ئێستا تۆ ناچار نەدەبووی خۆت بکوژی و ژیان لە خۆت بسێنیەوە!!! بە پێچەوانەوە بە کەسێکی نیشتمان پەروەر و کەسایەتی ناسراوی گەلەکەمان دادەنرای، دەك پیرۆزت بی ئەو ئازایەتی و کوردایەتیە!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.